# بەش: زمانی کوردی.

# کۆلێژ: پەروەردە - شەقلاوە

# زانکۆ: سەلاحەددین.

# بابەت : ئەدەبی بەراورد

# ناوی مامۆستا: کامران ابابکر خضر

# ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢ـ ٢٠٢٣

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | **ئەدەبی بەراورد** |
| ٢. ناوی ماموستای بەر پرس | کامران ابابکر خضر |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | زمانی کوردی/ کولێژی پەروەردە - **شەقلاوە** |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: . kamaran.khudhur@su.edu.krd |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | (٣) کاتژمێر - تیۆری<br>لە هەفتەیەکدا<br>دوو گروپ |
| ٦. ژمارەی کارکردن | **ڕۆژانی شەممە – دووشەممە – چوارشەممە/ وانە ووتنەوەم هەیە.**<br>**ڕۆژانی یەك شەممە – کاتژمێرەکانی کتێبخانە.**<br>**ڕۆژانی سێ شەممە– کاراکردن و کارکردن و کۆبوونەوە لەو لیژنانەی تێدا ئەندامم.** |
| ٧. کۆدی کۆرس | **....................** |
| ٨. پرۆفایەلی ماموستا | • لەدایك بووی : پایزی(١٩٨٨) لە قەزای شەقلاوە ..<br>• لە ساڵی (٢٠٠٧) ناوی لە (زانکۆی سەلاحەددین - کۆلیژی پەروەردەی بنیات  بەشی زمانی کوردی) دا هاتۆتەوە.<br>• قۆناغەکانی کۆلیژی بەم پلانە بڕیووە:<br>• قۆناغی یەکەم بە پلەی **یەکەم**<br>• قۆناغی دووەم بە پلەی **دووەم**<br>• قۆناغی سێیەم بە پلەی **یەکەم**<br>• قۆناغی چوارەم بە پلەی **یەکەم**<br>• دەرچووی ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠) یە ، بە نمرەی (**٨١**).<br>• پلەی ( **یەکەم** )ی لە سەر ئاستی بەشی زمانی کوردی و پلەی (**سێیەم**) لەسەر ئاستی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی بەدەستهێناوە .<br>• لە ( **دە یەکەمەکانی** دەرچووی زانکۆیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە (زمانی کوردی) بۆ ساڵی (٢٠١٠) .<br>• ناوی لە ( تابلۆی شانازی) یەکەمەکانی زمانی کوردی تۆمارکراوە.<br>• لە ساڵی (٢٠١٠) وەك ماموستا لە قوتابخانەی (ئاقوبانی خوارو- پەروەردەی شەقلاوە) لە وەزارەتی پەروەردە دامەزراوە. |

| | |
|---|---|
| | • دواتر له سالّی (٢٠١١) ڕاژەی گواستراوەتەوە بۆ بەشی زمانی کوردی- کۆلیژ پەروەردەی بنەڕەتی- زانکۆی سەلاحەددین- وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوی زانستی و وەك (یاریدەدەری توێژەر - معید) دەستبەکاربووە.<br>• دواتر له سالّی (٢٠١٤) دەستی بە خوێندنی ماستەر کردووە ، له زانکۆی ڕاپەڕین - فاکەڵتی پەروەردەی قەلاّدزێ- بەشی زمانی کوردی .<br>• له ٢٠١٦/٦/٤ گفتوگۆی نامەکەی بەناونیشانی (شێوازی شیعری هاوچەرخی کوردی - کرمانجی ناوەڕاست -له سالاّنی ١٩٨٠-١٩٩١ دا) کراوە و بە پلەی (زۆرباش) وەرگیراوە و بڕوانامەی (ماستەر)ی له ئەدەبی هاوچەرخی پێبەخشراوە.<br>• له ڕۆژنامە و گۆڤارەکان چەند وتارێکی له بواری ( کۆمەلاّیەتی ، ڕۆشنبیری ، پەروەردەیی ، ئەدەبی) بلاّوکردۆتەوە .<br>• لەماوەی کارکردنیدا بەشداربووە له چەندین خوول: لەوانە (توانستی کۆمپیوتەر، زمانی ئینگلیزی ، ڕێگاکانی سەرکەوتن له ژیان ، پێگەیاندنی سەرکردە، زمانی فارسی ، ڕێگاکانی وانە ووتنەو.. ... )<br>• ئەندامە لە چەندین کۆمەڵە و دەستەی ڕیکخراوەیی حکومی / ناحکومی.<br>• دووساڵ له مامۆستا بووە له بەشی زمانی کوردی - کۆلیژی پەرورەدەی بنەڕەتی - زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر<br>• له ١١/ ١٠/ ٢٠١٨ ، نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر)ی پێبەخشراوە.<br>• ئێستاش مامۆستایە له بەشی زمانی کوردی هاوکات قوتابی دکتۆرایە له کۆلیژی پەرورەدە- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر. |
| **٩. وشە سەرەکییەکان:** | زاراوە و چەمکی ئەدەبی بەراوردکاری/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری/ مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری/ ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبی ئەورووپیدا/ ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبی عەرەبیدا/ ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا. |

**١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

میللەتان هەموویان خاوەن مێژوو و سنوور و کلتوور و زمانی تایبەت بەخۆیانن ، هەر لەم گۆشە نیگایەشەوە ئەدەبەکەیان ڕەنگدانەوە و گوزارشتکردنە لە خۆیان مێژووەکەیان.

کوردیش وەك هەر میللەتێکی تری ئەم جیهانە بوونی هەیە، ئەگەرچی تاوەکو ئێستاش خاوەن کانێکی سەربەخۆ نییە ئەویش بەهۆی چەندین هۆکا(دەرەکی ، ناوەکی) ، بەڵام ئەمە نەك بۆتە هۆی لاوازی ئەدەبی کۆنی کوردی ، بەڵکو هونەر و ئەدەبی کوردی کۆنی دەوڵەمەندتر و بەرفراوانتر کردووە و خاوەنی چەندین شاعیر و ئەدەبنووسی لێهاتووە کە ئەمەش بۆ زرنگی و زیندوویەتی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە .

ئەم کۆرسە بۆ قوتابی گرینگییەکەی لەوەدایە قوتابی فێری ئەوە دەبێ هەموو ئەدەبەکانی دنیا کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە. زانیاری ئەوەی دەبێ هیچ ئەدەبێك لە خۆوە دروست نابێ بەڵکو لە ئەنجامی بەریەککەوتنی. کەواتە قوتابی دەتوانێ بەراوردی نیوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبکانی دنیا بکات.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:**

ئامانجی ئەم کۆرسە بریتییە لە ئاشنابوونی قوتابیان بە کاریگەری و کاردانەوەی ئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی.ئەو قۆناغانەی ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی لەسەر ئەدەبی کوردیان هەبووە بە دیار دەخات. لێرەدا دەردەکەوێ ئەدەبی کوردی چۆن گەشەی کردووە. بۆ نموونە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی، بە تەواوی لەژێر کاریگەری ئەدەبی فارسی و عەرەبیدایە. قۆناغی ڕۆمانیسیزم لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکیدابووە. ئەم کارتێکردنە مێژوویەکی درێژتری هەیە. بەتایبەتی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری. کەواتە ئەم کۆرسە بەرچاوڕوونی هداتە قوتابی ئەدەبی کوردی بە هەموو ژانرەکانییەوە چۆن گەشەی کردووە. شاعیر و نووسەرانی کورد چۆن توانیویانە ئەدەبی کوردی لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکە گەشە پێکردووە. لەلایەکی دیکە پەیوەندی مێژوویی لەنێوان ئەو ئەدەبیاتانە دەردەخات.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

**ئەرکەکانی قوتابی بۆ ئەم بابەتە بریتین لە :**

- ☐ **ئامادەبوونی ڕۆژانە لە کاتی وانەوتنەوە.**
- ☐ **پابەندبوون بە فەلسەفەی وانەوتنەوەی مامۆستا.**
- ☐ **قوتابی ڕۆژانە خۆی ئامادە دەکات بو لێپرسینەوە لە بابەتی خوێندراو .**
- ☐ **قوتابیان هەماهەنگ دەبن لە فێربوون دا (تعلم تعاوني) ، ئەو بابەتانە دەخوێندرێن قوتابیان بە پراکتیك لە پۆلدا ئەنجامی دەدەن.**
- ☐ **ئامادەکردنی سیمینار و ڕاپۆرتی پەیوەندار بە بابەتەکە .**
- ☐ **قوتابی دەبێت پابەند بێت بە ئامادەبوون لە شوێن وکاتی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوە.**

**١٣. ڕێگەی وانەوتنەوە:**

- **بە مەبەستی وتنەوەی کورس بوکەکە چەندین ڕێگا و شێواز بە کاردەهێنم بو فێرکردنی قوتابی وەك :**
  - ☐ **ڕێگای وانەوتنەوە (طريقة المحاظرة).**
  - ☐ **ڕێگای گفتوگۆ (طريقة المناقشة).**
  - ☐ **ڕێگای پرسینەوە (طريقة الاستجواب).**
- **بۆ وتنەوەی بابەتەکە چەندین ئامرازی فێرکردن بە کار دەهێنرێن وەك :**
  - ☐ **بەکارهینانی داتاشۆ بو نیشاندانی ئەو پاورپۆینتانەی تایبەتن بە بابەتی کورس بوکەکە.**
  - ☐ **بەکارهینانی واید بورد - تەختە بۆ نوسینی خاڵە گرنگەکان.**

**بەکارهێنانی چەندین باس و توێژینەوە لە ئاستە جۆراوجۆرەکان و شلۆڤەکردنییان لە لایەنی بابەتیی و هونەری .**

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

**هەڵسەنگاندنی قوتابیان بە مەبەستی زانینی ئاستی فیربونیانە ، ئەمەش لە ریگای تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و مانگانە و تاقیکردنەوەی کوتایی وەرز.**

**بەگشتی نمرەکان بۆ هەر کۆرسێك لەسەر (١٠٠)ە، ئەویش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:**

- **تاقیکردنەوەیەك لە هەر کۆرسێك: = (٣٠) نمرە لە کۆی گشتی .**
- **بەشداری و چالاکی و ئامادەبوون و تاقیکردنەوەی ڕۆژانە: (١٠) نمرە لە کۆی گشتی .**
- **تاقیکردنەوەی کوتایی وەرزی خوێندن : (٦٠٪) نمرە لە کۆی گشتی.**
- **١٠٠ =٦٠+١٠+٣٠**

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

قوتابی بە هۆی ئەم کۆرسەوە بوارێکی کارکردنی بۆ توێژینەوە لە ئەدەبیاتی کوردی بۆ دەڕەخسێت، بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی دەیانەوێت چ وەکو نووسەر، چ وەکو توێژەر لە ناوەوە و دەرەوەی زانکۆ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان کار بکات. ئەمەیش سوودی لەسەر هەردوو ئاستی سەرخان و ژێرخانی دەبێت. لەسەر ئاستی ژێرخان ئەگەر توێژینەوەی بەراوردکاری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوبکاتەوە ئەوا پاداشتی ماددی دەبێت. پرۆسێسەی توێژینەوەکە دەبێتە فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابی.

**١٦. لیستی سەرچاوەکان:**


١.ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیز گەردی،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨.

٢.بەراوردی ئەدەبی، د.ئیبراهیم شوان،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٤.

٣.ڕەنگدانەوەی لەیلاومەجنوون لە ئەدەبی کوردیدا، خانزاد عەلی قادر، نامەی ماستەر، ١٩٩٢.

٤.کاریگەری سەعدی لە شیعرەکانی جزیریدا، سالار عەزیز محموود، نامەی ماستەر. ١٩٩٩.

٥ .الادب المقارن، د.محمد غنیمی هلال، القاهرە، ١٩٧٣.

٦ .الادب المقارن والادب العام، ریمون طحان، بیروت، ١٩٧٢.

٧ .الادب المقارن، پول ڤان تیگم، ت: سامی مصباح الحسامی، بیروت

٨. ئەلیکساندەر دیما، پرینسیپەکانی ئەدەناسیی بەراورد، و:ئەنوەر قادر محمد، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١.

٩.محەمەد عبدالسلام کەفائی، ئەدەبی بەراوردکاری، و: هەژار ڕەحیمی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

١٠.د.هیمداد حسێن، سەنگەر نازم، د.ڕێزان سالّح، ئەدەبی بەراورد، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢١

**١٧. بابەتەكانی كۆرس:**

| بابەت | ئامانجی تایبەتی | هەفتەكان | ناوی مامۆستا |
|---|---|---|---|
| | **كۆرسی یەكە م** | **١٤ هەفتە** | **م.ی. كامران ابابكر خضر**<br>**هەفتەی ٣ كاتژمێر** |
| بابەت | ئامانجی تایبەتی | هەفتەكان | |
| زاراوە و چەمكی ئەدەبی بەراوردكاری | قوتابیان بە زانستی ئەدەبی بەراوردكاری لە رووی زاراوە و پێناسە و چەمكەوە ئاشنا دەبن. بەرچاوڕوونییە بۆ ناساندنی بابەتەكە. | هەفتەی یەكەم | |
| لێكۆڵینەوەی ئەدەبی بەراورد | قوتابی ئاشنا دەبی بە سوودی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی بەراوردی لەنێوان ئەدەبیاتی نەتەوەیی و بێگانەدا. | هەفتەی دووەم | |
| مێژووی ئەدەبی بەراورد بەكشتي | هەوڵێكە بۆ ناساندنی سەرهەڵدانی زانستی ئەدەبی بەراورد لە وڵاتانی جیهان. | هەفتەی سێیەم | |
| سنوور و مەودای ئەدەبی بەردوردكاری | لێرەدا سنوور و پێوانە و هۆكارەكانی ئەدەبی بەراوردكاری ڕوون دەكەینەوە. ئایا ئەو پیوەر و بنەمایانە چین كە ئەدەبێك لەگەڵ ئەدەبێكی دیكە بەراورد دەكەین؟ | هەفتەی چوارەم و پێنجەم | |
| هۆكارە گشتیی و تایبەتیەكانی پەڕینەوەی ئەدەبی بەراوردكاری | قوتابیان ئاشنا دەبن بەو هۆكارانەی وا دەكەن ئەدەبێک بە ئەدەبێكی دیكە كاریگەر بێت. بۆ نموونە دەسەڵاتی وڵاتێك، بازرگانی، وەرگێران، كاریگەربوون بە نووسەرانی وڵاتانی تر. | هەفتەی شەشەم | |
| .................. | ............................................... | هەفتەی حەفتەم هەشتەم و نۆیەم و دەیەم | |
| قوتابخانەكانی ئەدەبی بەراورد: قوتابخانەی فرەنسی | قوتابیان بەو قوتابخانانە ئاشنا دەكرێن، كە ئەدەبی بەراورد وەكو زانستێک خوێندراوە و یاسا و پیوەری خۆی هەیە. بۆ نموونە قوتابخانەی فرەنسی پێوەری پەیوەندی مێژوویی و جیاوازی زمان دەكاتە مەرج بۆ لێكۆڵینەوەی بەراوردی. | هەفتەی دوازدەم | |
| قوتابخانەی ئەمریكی | پێوەر و بنەماكانی ئەم قوتابخانەیە بۆ لێكۆڵینەوەی ئەدەبی بەراورد بە قوتابیان ئاشنا دەكرێت. | هەفتەی سێزدەم | |
| | **تاقیكردنەوەی میدیتێرم (٣٠نمرە)** | **هەفتەی چواردەم** | |
| | **تاقیكردنەوەی كۆرسی یەكەم (٦٠نرە)** | | |

| | | | ناوی مامۆستا |
|---|---|---|---|
| | **کۆرسی دووەم** | **١٠ هەفتە** | **م.ی. کامران ابابکر خضر** |
| بابەت | ئامانجی تایبەتی | هەفتەکان | |
| قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراورد: قوتابخانەی فرەنسی و ئەمریکی | دوبارەکردنەوەي قوتابخانەکان. | هەفتەی یەکەم | **هەفتەی ٣ کاتژمێر** |
| قوتابخانەی رووسي | پێوەر و بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراورد بە قوتابیان ئاشنا دەکرێت. | هەفتەی دووەم | |
| جیاوازی و لێکچوونی قوتابخانەکان | خاڵی لێکچوون و جیاوازی نێوان هەر سی قوتابخانەکان روون دەکرێتەوە، تاکو قوتابیان بتوانن ئاشنا بن بە کام لەو قوتابخانانە کار بکەن. | هەفتەی سێیەم | |
| ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا سەرەتایەکی مێژوویی | لێرەدا قوتابیان ئاشنا دەکرێن بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم زانستە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا. روون دەکرێتەوە ئەدەبیاتی کوردی بە پێوەری کام قوتابخانەکان کاری کردووە. | هەفتەی چوارەم | |
| ئەدەبی بەراوردکاری پراکتیکی کوردی | بەراوردکردنی چەند دەقێك لە ئەدەبی کوردی، بە دەقەکانی تری ئەدەبیاتی بێگانە. | هەفتەی پێنجەم | |
| ئەدەبی جیهانی | ئاشناکردنی قوتابیانە بە ئەدەبیاتی جیهانی | هەفتەی شەشەم | |
| دەقئاوێزان | ئاشناکردنی قوتابیانە بە چەمك و مەبەست و شێوەکانی دەقئاوێزان بە نموونە. | هەفتەی حەفتەم | |
| | **تاقیکردنەوەی میدیتێرم (٣٠نمرە)** | **هەفتەی دەیەم** | |
| | **تاقیکردنەوەی کۆرسی یەکەم (٦٠نرە)** | | |

**١٨. بابەتی پراکتیك :** **نییە**

**١٩. تاقیکردنەوەکان :** نموویەك لە فۆرمی تاقیکردنەوە:

**سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر**
**کۆلیژی پەروەردە٠ شەقلاوە**
**بەشی زمانی کوردی**

**بابەت : ئەدەبی بەراورد**
**ڕێککەوت: / / ، ڕۆژ :**
**ماوەی تاقیکردنەوە : ( کاتژمێر)**

بەوردی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

**پ١/** بەراوردی زانستی چییە ؟

**پ٢/** مەبەست لە ئەدەبی بەراورد چییە؟

**پ٣/** بنەماکانی قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکی کامانەن؟

**٢٠. تێبینی :**

ڕەنگە بەهۆی پێویستی بوونی بابەتەکە گۆڕانکاری لە کۆرسبووکە بکرێت ، لەم حاڵەتەشدا بەرلەوە لایەنی پەیوەندیدار و قوتابییان لە گۆڕانکارییەکە و هۆکارەکەی ئاگاداردەکرێنەوە.

**٢١. <u>پێداچوونەوەی مامۆستای هاوەڵ</u>:**